HARRISONBURG CITY
**Public Schools**

One Court Square • Harrisonburg, VA 22801
Phone: 540.434.9916 • Fax: 540.434.5196

*“A place where learning has no limits and together we work for the success of all.”*

بۆردی قوتابخانە لە شاری هاریسنبێرگ، پشت بەستن بە ڕێنمایی پرنسیپەکانی، تێدەکۆشێت بۆ پشتگیریکردنی قوتابیانمان و کارمەندانمان لە بەردەوامی نایابونیان. بۆردی قوتابخانەکە بودجەکان و پەیڕەوەکانی ڕۆژانە بەڕێوەدەبات لە قوتابخانەکەمان بۆ پشتگیریکردنی ئامانجەکانی سیستەمی قوتابخانەکەمان لە بواری یەکسانی و پەروەردە و /کۆمەڵایەتی/سۆزداری کە زامنبکرێن بۆ هەر قوتابییەك.

بە ناوی قوتابیان و خێزانەکانەوە لە قوتابخانە گشتییەکانی شاری هاریسنبێرگەوە، بۆردی قوتابخانەی شار ئەم بابەتانە دەچەسپێنێت:

- سیاسەتەکانی سەبارەت بە ناجیاکاری و دژەهەراسانکردن بۆ ئەوەی کەش وهەوایەکی سروشتی پێك بهێنین لە گشتاندن و ڕێگرتن لە جیاکاری لەسەر بنەمای توخم و ڕەنگ و ئاین و ڕەگەز و پەیوەندی سیاسی و باری خێزانی و یان پەککەوتنی:
- پەیوەستبوون بەوەی کە دڵنیابین لەوەی کە سەرجەم قوتابیان و کارمەندانی قوتابخانە بە پەنابەرانیشەوە هەموویان بە ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە مامەڵە دەکرێن.
- پشتگیری هەوڵەکانی ق.گ.ش.ه. بۆ بنیاتنانی پردەکانی لێکتێگەیشتن و هاورێزگرتن لە نێو سەرجەم ئەندامە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە.
- بەڵێنمان بۆ دژایەتیکردنی هەرجۆرە ئارامنەگرتنێك یان ترساندنێك کە ببێتە هۆی هەرەشە لە جۆراوجۆریی و سەلامەتی و نایابی ئەکادیمی قوتابخانەکانمان ، هەروەها
- بەڵێنمان بۆ ئەوەی کە زامنی ئەوە بکەین کە سەرجەم قوتابیانمان و کارمەندانمان لە ناو هاریسنبێرگ یەکسانن لە پاراستن لە ژێر یاساکە و هەروەها جیاکاریی لەسەر بنەمای نەتەوەیی قەدەغەیە.

پەروەردەی گشتی جیهانی لەئارادایە بۆ هەمووان وئەوەش پێناسەی دیموکراسییە لە ئەمریکا. ئەندامانی بۆردی قوتابخانە سوێندیان خواردووە کە پابەند بن بە دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کارەکانمان بۆ کۆمۆنوێڵسی ڤیرجینیا. وەکو درێژەدانێك بەو سوێندەش، قوتابیانمان و کارماندان و ئەندامانی کۆمەڵگامان هاندەدەین کە شومولی بەرپابکەن کە ببێتە هۆکاری گەشەپێدان و سەرکەوتن و سەلامەتی و یەکسانی لە ژیانی هەر تاکێکی نێو ق.گ.ش.ه.

بۆرد هەڵیگرتووە لە : 2016/06/12

Kurdish